**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**
**ژمارە: ١٦٥٦ لە ٢٠٢٢/٤/٦**

لەبەر رۆشنایی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٠ ، وە لە پێناو رێکخستن و راهی کردنی کارەکانی هاوولاتیانی سوودمەند لە بەشە چیمەنتۆی وەزارتمان کە وەک پێداویستی وەریدەگرن بۆ راپەراندنی ئیش و کارەکانیان لە رووی بیناسازی و نۆژەنکردنەوەو وە بەرەوپێش بردنی گەشەی بازرگانی و ئابووری و بەرێوەبردنی لەبار بۆ چالاکیە بازرگانیەکان و وەبەرهێنانە پیشەسازیەکان بە پێویستمان زانی ئەم رێنماییە دەربکەین.

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**تایبەت بە پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاوولاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**

**یەکەم:** هەر هاوولاتیەک کە مامەڵەی چیمەنتۆ پێشکەش دەکات پێویستە ئەم بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت :-
أ- وێنەیەک لە ناسنامەی باری شارستانی ( هوية الاحوال المدنية) یان وێنەیەک لە کارتی نیشتیمانی.
ب-مۆڵەتی بینا (إجازة البناء) پەسەند کراو (مصدق) لە شارەوانی ، یان پشتگیری شارەوانی پەسەندکراو.
ت-نەخشەی بینا پەسەندکراوی شارەوانی.
ث-قەوالەی تاپۆ ( صورة قيد) لە بەرواری دەرچوونیەوە یان پەسەندکردنیەوە بۆ یەک ساڵ کاری پێ دەکرێت یان تصديق بکرێتەوە
ج- جێگیر کردنی سنوور (تثبيت حدود).

**دووەم:** هەر هاوولاتیەک بۆی هەیە تەنها یەک جار سوودمەند بێت لە وەرگرتنی چیمەنتۆ کە بڕەکەی لە (٣٠) تەن زیاتر نەبێت بۆ ناو شار ، وە (٢٥) تەن زیاتر نەبێت بۆ دەرەوەی شارەکان.

**سێیەم:** مۆلەتی بینا تەنها بۆ ماوەی چوار ساڵ کاری پێدەکرێت لە بەرواری دەرچونیەوە.

**چوارەم:** بڕی چیمەنتۆ بۆ هەر یەک مەتر دوجایەک لە بینا (٢٠٠) کغم هەژمار بکرێت ، بەڵام لەو بڕەی کە لە خاڵی (دووەم) هاتووە زیاد نەبێت.

**پێنجەم:** لیژنەی تایبەت بە کەشف بڕی چیمەنتۆ بەپێی پێویست دیاری دەکرێت.

**شەشەم:** نرخی چیمەنتۆی هاوولاتیان بە (٤٥٠٠٠) چل و پێنج هەزار دینار هەژمار بکرێت ، بەڵام کۆمپانیا و شوێنە بازرگانیەکان بە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار بۆیان هەژمار بکرێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیمان.

**حەوتەم:** هەر قەواڵەیەکی زەوی بە ناوی یەک هاولاتیەوە بێت بەڵام دوو دەستە خانووی لەسەر دروست کرابێت تەنها بە یەک دەستە ئەژمار دەکرێت و لە(٣٠) تەن زیاتری پێ نادرێت.





**هەشتەم:** هەر قەواڵەیەکی زەوی بە ناوی دوو کەس یان زیاتر بێت و تەنها یەک دەستە خانووی لەسەر دروست کرابێت پێویستە خاوەن پشکەکانی تر لە بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتی فرۆشتنی چیمەنتۆی سلێمانی (تنازول) دەست بەرداری نیشان بدەن.

**نۆیەم:** هەر قەواڵەیەکی زەوی بە ناوی دوو کەس یان زیاتر بێت و بە شێوەیەکی فەرمی دوو دەستە خانووی لەسەر دروست کرابێت و مۆڵەتی جیاوازیان هەبێت دەتوانن بە جیا مامەڵە پێشکەش بکەن.

**دەیەم:** هەر خانوویەک ڕوخێنرابێت ، پێویستە ( صورة القيد) ی (هدم)ی بیناکە بێنێ (بە مەرجێک پێشتر سوودمەند نەبوو بێت.

**یازدەهەم:** هەر داواکاریەک لە لایەن میراتگرەوە پێشکەش بکرێت ، پێویستە قسام شرعی و (بيان وفاة) بێنێت وە یەک کەس سوودمەند دەبێت بە رەزامەندی باقی میراتگرەکان لە هۆبەی یاسای سەر بەرێوەبەرایەتی دابەشکردنی چیمەنتۆی سلێمانی.

**دوازدەهەم:** هەر هاوولاتیەک لەسەر ئەرکی خۆی پرۆژەیەکی خێرخوازی ( قوتابخانە ، مزگەوت یان بینای تەندروستی، خانەی بە ساڵاچوان خانەی بێ سەرپەرشتی ...هتد) دروست بکات دوای هێنانی بەڵگەی سەلمێنراو و وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی پەیوەندار بە پرۆژەکە و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ، لیژنەی تایبەت بە کەشف چیمەنتۆ خەمڵاندنی بۆ بکات ، بە مەرجێک بڕەکەی لە (١٥٠) سەدوو پەنجا تەن زیاتر نەبێت وە بە نرخی هاوولاتیان بۆیان هەژمار بکرێت.

**سێزدەهەم:** بۆ نۆژەن کردنەوەی خانوو پێویستە پشتگیری شارەوانی هەبێت لەگەڵ هێنانی پێویستیەکانی کە لە خاڵی (یەکەم) دیاری کراوە، لە لایەن لیژنەی کەشف خەملاندنی بۆ بکرێت و (١٠) دە تەن زیاتر نەبێت.

**چواردەهەم:** هەر هاولاتیەک بە هۆکاری سروشتی (قوة القاهرة) خانوەکەی تووشی زیان بوو لە کاتی دروست کردنەوەی یاخود چاککردنەوەی جارێکی تر دەتوانێت سودمەند بێت لە وەرگرتنی چیمەنتۆ دوای ئەنجامدانی ڕێکارەکان و کەشف کردن.

**پازدەهەم:** ئاسانکاری بکرێت بۆ زوو ڕاپەراندنی کارەکانی کەشف و دابین کردنی چیمەنتۆ بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیا باران و کەم ئەندامانی سەنگەر و خاوەن پێداویستی تایبەت، بە مەرجێک قەواڵەی تاپۆی زەویەکە مۆڵەتی بینای خۆی یان هاوسەری یان کەسی پلە یەک بێت و وە ناسنامەی تایبەت هاوپێچ کرابێت ، بە هەمان مەرجەکانی خاڵی (١).

**شازدەهەم:** ژمارەی وەرگرتنی مامەڵەی هاوولاتیان و وەستاندنی لە دەسەڵاتی بەرێوەبەری فرۆشتنی چیمەنتۆدا بێت ، بەپێی هەبوونی چیمەنتۆ.





**حەڤدەهەم:** ئەو خانوانەی (فۆرمی یان کارت) شارەوانیان هەیە و لە ماستەر پلانی شارەوانیدان ، پێویستە پشتگیری شارەوانیان هەبێت و لە (٢٥) تەن زیاتریان پێ نەدرێت.

**هەژدەهەم:** هەر مولکێک ئەگەر بەپێی قەواڵەی تاپۆ (صورة القيد)ی خانوو بوو مۆڵەتی شارەوانی هەبوو کاری بۆ بکرێت.

**نۆزدەهەم:** پێدانی چیمەنتۆ بە رێگای هەڵاوێرد ( استثناء) بەبێ کەشف لە دەسەڵاتی وەزیری بازرگانی و پیشەسازییە.

**بیست:** سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجە ئەو هاوولاتیانەی کە قەوالەی تاپۆیان نیە و پشتگیری شارەوانین بە ناوی خۆیانە پێدانی چیمەنتۆ دەیانگرێتەوە هەر وەکو هاوولاتیانی تری پارێزگا کە قەواڵەی تاپۆیان هەیە بە هەمان مەرجەکانی خاڵی (یەکەم).

**بیست و یەک:** ساڵانە بە پێی پێویستی کار هەموار دەکرێتەوە.

**بیست و دوو :**

**یەکەم:** ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:**ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**کمال مسلم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەرچوونی**

وەزارەتمان کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەی بە کرێداوە بە کەرتی تایبەت و کرێکەشی بە برێک چیمەنتۆی ڕۆژانە وەردەگرێت کە ڕاستەوخۆ دابەشدەکرێت بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەنرخێکی هاندراو وەک هاوکاری پاڵپشتی بە مەبەستی تەواوکردنی خانووەکانیان بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هەیە بۆ زیاتر رێکخستن و دابەشکردنی بە شێوەیەکی گونجاو.